www.kurdistannet.org
27-11-2006 11:37بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرۆكی یەكێتی زانایان شەكری خوارد! ... *كارزان محەمەد



"لەشەڕدا سەرە نێزەی شۆڕش و لە ئاشتیدا دەمرووتی كۆڵان" ئەو دەستەواژەیەیە كە لە ناخی هەموو سەركردە كوردییەكانی وڵاتدا بەرامبەر بەو گەنجانە پیادە دەكرێت كە كوڕو خزمی پلە یەكی خۆیان نین، ئەگەر تا دوێنێ حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارە داگیركەرەكانی كوردستان لەرێگەی سیاسەتەوە قورتمی گەنجیان گرتبێت و هەوڵیانداوە لەڕوووەوە عیزەتی گەنجی كورد بشكێنن، ئەوا سەركردەكانی كورد ئەم سیاسەتەیان گۆڕیوەو لەڕێگەی چەكی ئابورییەوە هێندەی پێیان كرابێت هەوڵیانداوە گەنج و لاوی كورد گیرفانبەتاڵ و چاوبەرەوژێری دەستی خۆیانی بكەن، هەربۆیەشە بەلایانەوە سانایە كە خاوەن بڕوانامەیەكی بەكالیۆرۆس دوای (16) ساڵ خوێندن تەنها (157) هەزار دینار بكەنە موچەی، لەكاتێكدا تەنها چاپەزێكی بەردەرگای سەرۆكەكان و خانمەكانیان چەندین هێندەی ئەو موچەیە وەردەگرن. ئاخر سەرۆكەكانی كورد زۆر ڕێویانە لەبیری ئەوەدان ئەگەر گەنجەكە بۆ چەند مانگ و ساڵێكیش بەم موچەیە ژیان بقەتێنن، هەركاتێ بیری ژنهێنان كەوتە كەللەیانەوە دڵنیان ئەم موچەیە نەك فلسێكی سوریشی پێ پاشەكەوت ناكرێت، چ جای لە شارەكانی كوردستاندا كە هەزاران عەرەبی چاوڕەش نرخی كرێ خانوویان گەیاندۆتە حەوت تەبەقەی ئاسمان و وەزارەتەكانی ناوخۆو دەزگاكانی ئاسایشیش ملیان لەبەردەمیاندا پانە، تەنها لەبەر هێندە كە چەند پۆستێكی ڕەمزیان لە بەغداد بە كورد ڕەوا بینیوە، ئەو پۆستە ڕەمزیانەی كە هێندە بێدەسەڵاتە تەنانەت توانای ڕەخنەگرتنیشی لە خورانی ملیۆنەها دۆلاری بەشە داهاتی كوردستانی نییە.

بەندە چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد كە مەلاو كەسایەتییە ئایینیەكانی نزیك سەرۆكەكانی كورد هەندێ ڕاستی بدركێنن، باس لەوە بكەن كە كەم گەنج هەیە لە كوردستاندا لەبەر خەفەتی داهاتی كەم، بێكارەبایی و بێئاویی، بێ جێگەیی ڕوویان كردۆتە تلیاك و حەشیشەو حەب و مەشروب خواردنەوە، دەسەڵاتدارانیش زۆر بەم بارودۆخەی گەنج سەرمەستە چونكە دڵنیان گەنجێكی خوگرتوو بە تلیاكەوە نە بیر لە گەندەڵی بەرپرسان دەكاتەوەو نە بەلای مزگەوتیشدا دەڕوات تا ببێتە ئیسلامییەكی توندڕەو، بەڵام سەیرەكە لەوەدایە مەلایەكی وەك بەڕێز (محەمەد گەزنەیی) ی سەرۆكی یەكێتی زانایان لەبری ئەوەی هەمیشە تاڵەبانی و بارزانی و بەرپرسانی حكومەتی هەرێم بخاتە ژێر گوشاری ئەوەی كە گەنجانی وڵات بەرەو سەرگەردانی دەڕۆن، پێویستە عیزەتی نەفسیان نەشكێندرێت و بە تاوانی ئەوەی دەزگایەكی حكومیان هەڵنبژاردووە نەك حیزبی موچەی مەمرەو مەژیان نەدرێتێ، لەبری ئەوەی گەزنەیی بڵێ هاوسەرگیری نیوەی ئیمانە لە ئیسلامدا بەڵام قەیرەكوڕیی و قەیرەكچی هەڕەشە لە ئایندەی وڵاتەكەمان دەكات بۆیە پێویستە حكومەت مشوری داهات و شوێنی نیشتەجێ بوون و زیادكردنی سلفەی زەواجیان بۆ بكات، بەڵام زۆر زۆر بێباكانە جەنابیان دەفەرموون سلفەی زەواجی ئەو ڕێكخراوە حەرامە كە (3، 000) هەزار دۆلار بۆ ماوەی (10) ساڵ بە قەرز دەداتە گەنجان تەنها لەبەر ئەوەی دواتر چەند دۆلارێك زیادە وەردەگرێتەوە، لەكاتێكدا كە ئەو ڕێكخراوە مافی خۆیەتی بۆ

دابینکردنی کرێی خانوو و کارمەندەکانی بڕێکی زیادە وەربگرێتەوەو هیچ لەسەرشانی گەنجانیش بە گران ناکەوێت. بەندە لە گەزنەیی دەپرسێ: قەیرەکچی و قەیرەکوڕی و بڵاوبوونەوەی دەردی بێڕەوشتی بەهۆی گرانی هاوسەرگیرییەوە حەرامترە یان سلفەی ئەو ڕێکخراوە؟ لەشفرۆشی کچان و خوگرتنی کوڕان بە تلیاك و مەشروبەوە بەهۆی بێئومێدبوونیان لە شوکردن و ژنهێنانەوە حەرامترە یان سلفەی ئەو ڕێکخراوە؟ گەنجان بۆ ژنهێنان قەرز لە خەڵك بکەن و هەموو ڕۆژێك بەرگەی قسەی ڕەق و ناخۆشی خاوەن قەرز بگرن کارەساتبارترە یان سلفەی ئەو ڕێکخراوە؟ گەنجان بۆ دابینکردنی داهاتێکی باشتر وڵات جێبهێڵن و لەپێناو پەیداکردنی بڕە پارەیەك بۆ ژنهێنانێکی شەرافەتمەندانە ڕێی هات و نەهاتی هەندەران بگرنەبەرو وەك هەزاران گەنجیتر گۆڕغەریب ببن و ببنە خۆراکی ماسییەکانی ئیجە مەینەتبارترە یان سلفەی ڕێکخراوێك کە بڕە پارەیەکی باشت بۆ ماوەی (10) ساڵ دەداتێ؟ ئەمانەو هەزاران پرسیاریتر یەخەی بەڕێز گەزنەیی دەگرن، دڵنیاشم کە هیچ کام لە کوڕان و کچانی ئەو ڕووبەڕووی نەهامەتی و قەرزارباریی ژنهێنان نەبوونەتەوە ئەگەرنا بەوچەشنە لە هەقیقەتی گەنجانی کۆمەڵگاکەی دانەدەبڕا!!.

خۆزیا ئەو شەکرەت نەدەخواردو دڵی هەزاران گەنجت نەدەڕەنجاند، چونکە هاوسەرگیرییەکی حەڵاڵ بە سلفەو هاریکاریی ڕێکخراوێك زۆر لە فەرموودەی جەنابت موقەدەستترە، چونکە ئەو فەرموودەیەتان ڕێگە لە هاوسەرگیری هەموو ئەو قەیرە کچ و کوڕانە دەگرێت کە چاوی ئومێدیان بڕیوەتە سلفەی ڕێکخراوێك کە زۆر لەو حکومەتە هەرێم و ئەزموونە کوردییە دڵسۆزترە کە هێشتا بە دەمڕووتی کۆڵان و سەرچەورمان دەزانێت بە هەزار منەت و دەستاودەستکردنیش چەند سەد دۆلارێکمان بە قەرز دەداتێ، پێیانوایە هەر جگەرگۆشەی ئەوان شیاوی ژیانی خێزانین، ئەو سەرکردانەی کە هێندەش بە چاوی سوکەوە سەیری شەهیدان و نەوەکانیان دەکەن کە پێیانوایە ئەگەر شەهیدیش نەبوان، ئەوا بە دەردی خودا هەردەمردن بەڵام زارۆکەکانی خۆیان بە سەرخۆشی و بەدەستلەملانی چەند کیژێکەوە لە جادە پانوپۆڕەکانی کوردستان بە کارەساتی ئۆتۆمبێل و بە دەردی خوا دەمرن، لێ هەموو ساڵێك لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا وەك شۆڕەسوار ناودێر دەکرێن و لەم ساڵانەی دوایشدا چەندان نمونەی لەوشێوەیەمان بینی.

دواجار دەبێ بەڕێز گەزنەیی پەیڤەکانی بە قازانجی گەنجان وەرسوڕێنێت، بەرلەوەی هێندەیتر نیگەران و توڕەمان بکات، خۆزیا دەمانزانی کوڕان و کچانی بەڕێزیان بە چ شێوەیەك ماڵیان پێکەوەناوە، ئەوکات دەردەکەوت کە بۆچی گەزنەیی لەبری داواکردنی هاریکاریی بۆ گەنجان، تاکەتروسکایی گەنجانی بە حەرام دەزانی.